# شاری ڕوها لە ململانێی نێوان موسڵمانان و خاچ دروشماندا توێژینەوەیەکی مێژوییە

**پەرێز ئەکرەم عومەر [1]، سەلاح کانەبی ئیسماعیل [2]**

[1] بەشی مێژوو، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

هەڵمەتی خاچ دروشمان زنجیرەیەك هەڵمەتی ئەوروپای ڕۆژئاوابو ، بۆسەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەماوەی سالانی (490ك-670ك/1196-1272ز)، سەرەتاکانی ئەو هەڵمەتە لە ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە دەستی پێکرد، بەتایبەتی ئەو میرو سەرکردانەی لەو هێرشانەدا بەشداریانکرد ئامانجی کەسیەتی خۆیان خستبووە پێش ئامانجی سەرەکی و بەرژەوەندی ئایینییان لەبەرچاو نەگرتبوو، چونکە بەدەست هێنانەوەی خاکی پیرۆز و ڕزگارکردنی لە دەست موسڵمانەکان، لە بنەڕەتدا ئامانجی سەرەکی ڕۆژئاواییەکان بو، بۆئەوەی حەجاجەکان بگەنە خاکە پیرۆزەکان. لە دەرەنجامەکانی هەڵمەتی یەکەم،دامەزراندنی چوار میرنیشین بو لە هەرێمی جەزیرە، کە یەکێك لەوانە میرنشینی ڕوها (ئورفە)لەساڵی (492ك/1098ز)بو لەشاری ڕوها لەلایەن بلدوینی یەکەم، یارمەتیدەری سەرەکی دامەزراندنی ئەو میرنشینەش پاڵپشتی ئەرمەنەکان بو، بەتایبەتی بانکرادی ئەرمەنی، کە هاوەڵی بلدوینی یەکەم بو. بێجگە لەوەی، گرنگی پێگەی جوگرافیی هەرێمی جەزیرە لە ڕوی مرۆیی و ئابوری و سەربازییەوە، هۆکارێکی یارمەتیدەر بو. لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی ئەو هەڵمەتانە بارودۆخی ناوخۆی موسوڵمانان سەقامگیر نەبو، بە تایبەتی ململانێیی ناوخۆیی لەناو بنەماڵەی سەلجوقی، کە هێزی سەرەکی بون لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بە هۆی مردنی مەلیکشا ململانێ کەوتبووە ناو ئەو بنەماڵەیە، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد لە پێشڕەوی خاچ دروشمەکان بۆ ڕۆژهەڵات و دەستبەسەر داگرتنی ناوچەیەکی فراوانی موسوڵمانەکان. هە رچەندە لەلایەن میرانی هەرێمی جەزیرە هەوڵی ڕوبەڕو بونەوە و بەدەستهێنانەوەی شاری ڕوها هەبو، بەڵام تا دەرکەوتنی کەسایەتی عیمادەدین زەنگی نەیانتوانی سەرکەوتو بن، لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە جیهادی ئیسلامی دژ بە خاچ دروشمان دەستی پێکرد و لەلایەن ئەو کەسایەتییە کۆمەڵێك ڕێککار گیرایە بەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی موسوڵمانان.

**وشە سەرەکییەکان:** جەزیرە ، ڕوها ،ململانێی سەربازی، خاچ، هێرشی خاچی

## پێشەکی

هەڵمەتی خاچ دروشمان هێرشی ئەوروپی بو بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی و لە ژێرچەتری ئایینیدا ئەنجامدرا، لە مێژوی سەدەکانی ناوەراستدا بە ترسناکترین و درێژترین ململانێ دادەنرێت، کە دو سەدە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەردەوام بو، کاریگەریی بە سەر لایەنی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هە بو. هەرچەندە لە بنەڕەتدا بۆ ڕزگارکردنی خاکی پیرۆز بو لە ژێر دەسەلاتی موسڵمانەکان، بۆ ئاسانکاری سەردانیکردنی مەسیحییەکان بۆ ئەو شوێنە پیرۆزە، بەڵام لە هەندێك هەڵمەتدا ئاراستەی ئامانجەکان دەگۆڕا و ئەنجامی سەرکەوتنیان،دەبووە فراوانخوازی دەرەبەگە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات.

لەم توێژینەوەیەدا، کە بە ناونیشانی (شاری ڕوها لە ململانێیی نیوان موسڵمانان و خاچ دروشماندا)، هەوڵدراوە لە چوارچێوەی هەڵمەتی یەکەم، تیشك بخریتە سەر هۆکارەکانی دامەزراندنی یەکەم میرنشینی مەسیحی لە هەرێمی جەزیرە و بەتایبەتی شاری ڕوها، هەروەها ململانێیی نێوان موسڵمانان و خاچ دروشمان ڕونکراوەتەوە. بۆ ئەمەش هەوڵماندراوە پشت بە میتۆدی شیکردنەوەی دەقی مێژویی ببەستین.
پێکهاتەی توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سێ باسی سەرەکی، لە باسی یەکەمدا، هەڵمەتی یەکەم بۆ ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە بەسەرکردایەتی بلدوینی یەکەم خراوەتەڕو، کە تیایدا خاچ دروشمان گەیشتنە شارەکانی هەرێمی جەزیرە. لە باسی دووەم گرنگی پێگەی جوگرافی شاری ڕوها لە هە رێمی جەزیرە ڕونکراوەتەوە و هەوڵدراوە گرنگی ئەو شارە لە ڕوی ئابوری و سیاسی و ئایینی بەتایبەتی بۆ خاچ دروشمان بخرێتەڕو. باسی سێیەم تایبەتکراوە بە ململانێیی نێوان موسوڵمانان و خاچ دروشمان لەو شارەدا، کە تیایدا هەوڵەکانی موسڵمانان بۆ بە دەست هێنانەوەی شاری ڕوها ڕونکراوەتەوە و ڕۆڵی عیمادەدین زەنگی بەشێوەیەکی تایبەتی خراوەتەرو.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١ حوزەیران ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٥ کانوونی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٨ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: parez.akram@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ پەرێز ئەکرەم عومەر و سەلاح کانەبی ئیسماعیل، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp112-119

## باسی یەکەم، هەڵمەتی خاچ دروشمەکان بۆ ناوچەکانی جەزیرە

### یەکەم: دەستپێکردنی هەڵمەتەکە

دەست پێکردنی هەڵمەتی یەکەمی خاچ دروشمان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بۆ بانگەوازی پاپا ئوربانی دووەم (481-493ك 1088-1099ز) دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی لە 28ی نۆڤمبری ساڵی 1095ز لە ئەنجومەنی ڕۆحانی کلیرمۆنت لە فەرەنسا بانگەوازی ئەنجامدانی هەڵمەتی خاچی ڕاگەیاند (شارتری، د. س، 31-36)لە وێدا وتارێکی خوێندەوە و تیایدا ئاماژەی بەوە کرد لە ڕێگای شاری قوستەنتینییەوە موسڵمانەکان مەترسیان بۆسەر ئەوروپای ڕۆژئاوا و مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات دروست کردووە، ئاماژەی بەوەدا حاجیەکانیان بەدەست ستەمی موسڵمانانەوە دەناڵێنن و کڵێسەو دێرەکانمان دوچاری سوتان وکاولکاری دەبنەوە، بۆ هاندانی مەسیحییەکان لە بەشداریکردن چەندین بەڵێنیدا بۆ ئەو گروپ و کەسانەی بەشداری ئەم هەڵمەتەیان کرد، باسی لە دەوڵەمەندی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و بە تایبەتی شاری قودس کرد، ئەم شارەی بە بەهەشتی نەبراوەی فیردەوسی خۆشیەکان ناوزەدکرد (بنداسنی، 2014، 31؛ عمران، 2000، 20؛ عوض2007، 317).

لە ساڵی (489ك/1096ز) بە کاریگەری ئەم هاندانە خاچ دروشمان یەکەم هەڵمەتیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەستپێکرد، هێزی سەربازی خاچ دروشمان لە ڕەگەزی جیاواز پێکهاتبوون، وەك فەرەنسیەکان، ئەڵمان، ئینگلیز، نۆرمانەکان، لۆمباردیەکان و چەندین ڕەگەزیتر، ئەمە جگە لە بازرگانەکانی شارەکانی جەنەوا و بوندقیە لە ئیتالیا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی سود و قازانج لەو هەڵمەتە (شارتری ، د.س، 41؛عمران، 2000، 20).

سوپای خاچ دروشمان لە جمادی یەکەمی ساڵی (490ك/1097ز) لە شاری قوستەنتینییە دەستی بەجولە کرد و سوپاکە گەیشتە نیقیە (تودیبود، 1999، 45 ؛ ابن الاثير، 2004، 420/8؛)، دواتر لە ساڵی (491ك/1098ز) ئاسیای بچوکیان بڕی، بۆئەوەی جەنگی پیرۆز دەست پێبکەن (ابن الاثير، 2004، 418/8؛غروسيه، 2007، 37)

ڕێژەیەکی زۆر لەسەربازەکانی خاچ دروشمان بەسەرکردایەتی چەندین میر و سەرکردە بەرەو ناوچەکانی دەوروبەری شام بەڕێکەوتن، دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ڕێگەی پێدان بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕن (ابن القلانسي، 1908، 134؛ بارکر، د. س، 26-27)مێژونوس (ابن الاثير) سەبارەت بە زۆری ژمارەیان دەڵێت، "ئەگەر بەم ژمارە زۆرە بمابونایەوە، هەمو ناوچەی موسڵمانەکانیان دەست بەسەردادەگرت" (2004، 421/8)

بەشێك لەو میرانەی بەشداریان لە هەڵمەتی یەکەمی خاچ دروشمانیان کرد، کەسایەتی سیاسی بون و لەهەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بون، یەکێك لەوانە بوهێمند بو، لە سەرەتاوە بیرۆکەی دامەزراندنی شانشینێکی هەبوو لە ڕۆژهەڵات، سیاسەتی ئەو کەسە ڕۆڵی هەبو لە سەر بلدوینی یەکەم کە لەم کارەیدا بێتە ڕکابەری، بلدوین هەوڵیدا تانکریدی کوری برای بوهێمند سارد بکاتەوە لە دامەزراندنی میرنشینێك بۆ مامی لە ڕۆژهەڵات و دەست بگرێت بەسەر کیلیکیا، لە لایەکی تریشەوە بلدوین خۆی میرنشینێکی لە ڕۆژهەڵات دامەزراند (بارکر، د. س، 28).

بەو شێوەیە زۆربەیان لەهەوڵی بەدەست هێنانی خاوەندارێتی ناوچەکان و بەدەست هێنانی سامانی ڕۆژهەڵات بون، دەیانویست میرنشینی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، بۆیە سەرکردەکان دڵخۆش بون بەو هەڵمەتە، چونکە لە ناوچەکەی خۆیان بواری ئەوە نەڕەخسابوو میرنشینێکی هاوشێوەی میرنشینەکانی ڕۆژئاوا دابمەزرێنن، بۆ نمونە کاتێك بلدوین بەرێکەوت بۆ هەڵمەتی یەکەم خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا برد، چونکە وای دانابو نەگەڕێتەوە ئەوروپا (الصوري، 1998، 260/1؛رانسيمان، 1994، 320/2).

بەشێك لەو سەرکردانە هەلیان بۆ ڕەخساو ئازاد بون لەو بەڵێنانەی بە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتیان دابو، ئامانجیان ناوچەیەکی دیاریکراو نەبو، بەڵکو هەر ناوچەیەك بێت بۆ ئەوان گرنگ نەبو، بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن کە بۆی هاتبون، کە بریتی بو لە ڕزگارکردنی خاکی پیرۆز لەدەست موسڵمانان. یەکێك لەو سەرکردانەی زۆرترین چاوتێبڕینی هەبو بلدوینی بولونی بو، کە لە بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا بو لە بولونیا لە باشوری فەرەنسا و کوڕی بچوکی لیوستاسی بولونیا بو (الصوري، 1998، 260/1).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، پەیوەندی نێوان ئەرمەنەکان و ڕۆژئاوای ئەوروپا بۆ پاش گەیشتنی بلدوین بۆ ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە، دەمێك بو چاوەڕێی بەهاناوە هاتنی ڕۆژئاوایان دەکرد بۆئەوەی لە دەسەڵاتداریتی بێزەنتی و سەلجوقی ڕزگاریان بکەن (حبشي، د. س.، 102، عاشور، 1971، 178/1)، ئامانج لەو پەیوەندیە لە سەرەتادا ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنی هاوبەش بو، کە خۆی دەبینیەوە لە بێزەنتیەکان و هێزە ئیسلامیەکان (الجنزوري، 2001، 52)

گەیشتنی خاچ دروشمان بەهاناچونێکی چاوەڕوان نەکراو بو بۆئەم مەسیحیانە، لەبەرامبەردا ئەرمەنەکان بونە یارمەتی دەری خاچ دروشمان نەك لەبەرئەوەی هاوپەیمانێکی باش بون بۆیان، بەڵکو توانای پێدانی زانیاریان هەبو دەربارەی دوژمنەکانیان و تاکە ڕەگەزی چیایی بون، کە بەتوانا بون لەشەڕکردن لە نێوان مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات، تانکرید و بوهێمند توانیان سود لەم پاڵپشتیە وەربگرن، کاتێك گەیشتنە کیلیکیا ئەرمەنەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان پێوەکردن و بەشداریان لە هێرش کردنە سەر تورکەکان کرد (غروسيه، 2007، 41).

لە ساڵی (491ك/1097ز) ئەرمەنەکان لە ئەدەنە پێشوازیان لە تانکرید کرد و دەرگای مصیصەیان بۆکردەوە، بەلام ململانێ کەوتە نێوان بلدوین و تانکرید لەسەر دەست گرتنیان بەسەر کیلیکیا، بەو هۆیەوە نەیانتوانی دەستی بەسەردابگرن، لەهەمان کاتدا لەبەرەی باکوری ڕۆژهەڵات لەدەوری بەرزاییەکانی تۆرۆس تاوەکو قیصریە و لە وێوەش گەیشتنە مرعش لە 16ی تشرینی یەکەم سوریایان بڕی و لە 21 ی تشرینی یەکەم بوهێمند بەسوپاکەیەوە بەرەو ئەنتاکیا چو (غروسيه، 2007، 41) هێزەکانی خاچ دروشمان لەو ساڵەدا گەیشتنە ئەنتاکیا، دەستیان کرد بە گەمارۆدانی شارەکە، یاغی سیان[1] کوڕەکانی بۆلای میرەکانی سەلجوقی نارد و داوای یارمەتی کرد دژ بە خاچ دروشمان، یەکەمیان چووە لای دقاق و ڕەزوان و میرەعەرەبەکان لە شام، بەلام دووەمیان بەرەو جەزیرە ڕۆیشت بۆ لای کربوغا (ابن القلانسي، 1908، 135)

گەمارۆدانی خاچ دروشمان بۆ سەر ئەنتاکیا نزیکەی نۆمانگی خایاند (الذهبي، 1999، 425/2) پاشان بەهۆی ناپاکی کەسایەتیەك بەناوی فیرۆز، کە کەسایەتییەکی بەهێزی هەبو، پەیوەندیەکی باشیشی لەگەڵ یاغی سیان هەبو، بەڵام لەمیانەی تێکچونی پەیوەندیەکەیان فیرۆز کاتێك گوێبیستی ئەوەبو کە بوهێمند دەیەوێت دەست بەسەر شاری ئەنتاکیادا بگرێت، بە نهێنی پەیوەندی پێوەکرد و بە درێژایی گەمارۆکە زانیاری و هەواڵی بۆ بوهێمند دەنارد، کە لە نێو ئەنتاکیا چی ڕودەدات، فیروز سوربو لەسەر ئەوەی پەیوەندیەکەی لەگەڵ بوهێمند بە نهێنی بمێنێتەوە، توانی لەو کارەدا سەرکەوتو بێت و خێزانەکەی لەهەردو لاوە بپارێزێت، لە بەرامبەردا بوهێمند ئەم پەیوەندیەی بە نهێنی هێشتەوە، لە 3ی یونیوی 1098ز دەستیگرت بەسەر شاری ئەنتاکیا (ابن القلانسي، 1908، 136؛ ابن الاثير، 2004، 418/8-420 ؛ الصوري، 1991، 335/1- 337

؛غروسیە، 2007، 46)، هەرچەندە بەرگریکارانی شارەکە ویستیان لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەروبومی کشتوکاڵی دەوروبەری شارەکە ڕوبەڕوی دوژمن ببنەوە، بۆ ئەوەی دوژمنەکان هیچ شتێك نەبێت بیخۆن، لە هەمانکاتدا لە ڕێگەی هەمبارکردنی ئازوقە لە کۆگاکانییان توانییان خۆراك بۆ خەڵکی شارەکە دابین بکەن (سمیث، 2003، 123)، خەلکی شارەکە دەستیان کرد بە شاردنەوەی خۆراك، تا ئەو ئاستەی هیچ شتێکیان لەدەرەوەی شار نەهێشتەوە دوژمن سودی لێوەربگرێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری ئەوەی گەمارۆی سەر شارەکە ڕەنگە درێژە بکێشێت (ابن شحنە، 1984، 214؛ حبشي، د. س، 125).

لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان خاچ دروشمان ڕوبەڕوی کەمی خۆراك بونەوە و لەبەر بەهێزی سەرمای زستان ڕەوشیان تێکچو، ژمارەیەکی زۆری پیاوان و ئەسپەکانیان مردن (اجیل، 1989، 90؛ توديبود، 1999، 225)، برسییەتی گەیشتە ئەو ئاستەی مردووەکان بخۆن، لەبەرامبەردا چەند هێرشێکیان بۆ سەر گوندە نزیکەکان ئەنجامدا و دەستیانکرد بەتاڵان کردنی خۆراکی ناوچەکە (المجهول، د. س، 54- 55؛ توديبود، 1999، 225). بۆیە هێرشیان کردە سەر معرە مصرین لە ڕۆژهەڵات، هەرکەسێك کەوتە بەردەستیان کوشتیان (ابن العديم، 1996، 238)، پێدەچێت سزای خەلکی ئەم ناوچەیان دابێت بەکوشتن، ئەمەش بەلگەیە لە سەر بەرگری بەهێزی خەڵکی شارەکە بەرامبەر خاچ دروشمان، ویستویانە ئەو توندوتیژییە بکەنە سزایەك بۆ دانیشتوانی هەر شارێك، کە بەرگری بکەن، شارەکەیان وێرانکرد و ژمارەیەکی زۆریان کوشتن (سمیث، 2003، 200). لەکاتی گرتنی شارەکە دەستیانکرد بە کوشتاری بە کۆمەڵ و ژمارەیەکی زۆریان کوشت و هەندێکیشیان بەدیل گرتن (ابن القلانسي، 1908، 135؛ ابن الاثير، 2004، 423/8)، سەرەرای بەرگریکردنی خەلکی ئەنتاکیا، کەوتنی شارەکە کاریگەریی زۆری لەسەر شارەکانی دەوروبەر هەبو و ترس و تۆقینیکی زۆری بڵاوکردەوە، موسڵمانەکان لە ترسی ڕوبەڕوبونەوەی ئەو چارەنوسەی ئەنتاکیا هەڵاتن (ابن العديم، 1996، 240) توديبود یەکێکە لە گەواهیدەرانی ئەنجامدانی کوشتنی بەکۆمەڵ لەلایەن خاچ دروشمان و ئەو پرۆسەی بینیوە، لەم بارەیەوە دەڵێت" ڕیموند کونت صنجيل کاتێك گەیشتە شاری البارە دەستی کرد بە کوشتنی موسڵمانەکان جا پیاو بێت یان ئافرەت گەورە یان بچوك" (1999، 257).

لێرەوە پلانی خاچ دروشمان ڕوندەبێتەوە، لە بڕینی ناوچەی موسڵمانەکان، گەمارۆدانی ئەم ناوچەیە لەبەرەی جەزیرە و باکوری شام بەتایبەتی ئەنتاکیا بە دەروازەیەك دادەنرێت بۆ گەیشتن بەشام، لەبەرامبەردا ڕوها بە قەلغانی پارێزەر دادەنرێت لەبەرەی عێراق و فارس، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئامانجی سەرەکی فەرەنجەکان لە دەستبەسەرداگرتنی جەزیرە و دامەزراندنی شانشینی ڕوها، دەیانویست موسڵمانەکان لەبەرەی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات خەریك بکەن، بۆ ئەوەی ڕێگای گەیشتنی یارمەتی موسوڵمانان لە شامەوە بپچڕێنێت (يوسف، 1988، 112). کەوتنی ئەو شارە، ورەی خاچ دروشمانی بەرز کردەوە، چونکە یەکێك لە گرنگترین شارەکانی باکوری شام بو، لێرەوە دەستیان کرد بە بڵاوبونەوە لە کەناراوەکانی شام و تاڵان کردن و سوتان و دەست گرتن بەسەر شارو گوندەکان، وەك دەبینین دوای ئەو ڕوداوە، ئەفامیە کەوتە دەستیان (ابن القلانسي، 1908، 136-138)

## دووەم: گرنگی ڕوها وەک ناوەندێک بۆ خاچ دروشمان

خاچ دروشمان دەستییان کرد بە بڵاو بونەوە لە شارەکانی هەرێمی جەزیرە، وەك ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە شاری قودس، شاری ڕوها بووە هەنگاوی یەکەمیان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە (ابن خرداذبه، 1889، 73؛ المقدسي، 1991، 137). ياقوت الحموي کاتێك باسی شاری ڕوها دەکات دەڵێت: "شارێکی هەرێمی جەزیرەیە دەکەوێتە نێوان موصل وشام، نێوانیان شەش (6) فرسەخە نزیکەی 36کیلۆمەترە(1995، 106/3) شارێکی ئەوەندە بە پیت و بەرەکەت بووە تەنانەت لەلایەن مێژونوسە ڕۆژئاواییەکان بە پیترین ناوچە ناوزەندیان کردوە (شارتري، د. س، 52)، ئەم شارە ناسراوە بە زۆری کلیساو دێری مەسیحیەکان وپێگەیەکی ئایینی گرنگی هەبووە (الاصطخري، 1870، 54؛ ابوالفداء، 1840، 277)

ڕوها (ئورفە) لەڕوی قەبارەوە شارێکی مام ناوەند بووە لە دەڤەری موضر، لە نێوان شاری موسل و شام، بە دوری 6 فرسەخ لە ڕۆژهەڵاتی باکوری ڕوباری فورات، شارێکی جوان و باغ و بیستانی زۆر بووە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی نەسرانی بون، زیاتر لە 300 کلیسەی تێدابووە (الاسطخري، 1870، 76؛ ابن حوقل، 1992، 204؛ الجنزوري، 2001، 39-40؛ الرويضي، 1997، 44-58) بەناوی ئەو کەسایەتیەی دایمەزراندوە بەناوی الرهاء بن البلندي بن مالك ابن دعر. (ياقوت الحموي، 1995، 106/3)

شارەکانی هەرێمی جەزیرە بەدرێژایی سەردەمەکان گرنگی ئایینییان هەبووە، سەرەڕای ئایینی ئیسلام، مەسیحییەکان و جولەکەش لەم ناوچانەدا بونیان هەبووە، بەهۆی بونی شوێنە پیرۆزەکانی کەسایەتییە ئایینیە ئاسمانیەکان و گروپەکانی دیکەو جێگیربونی کەشتی نوح لەسەر چیای جودی و هەر لەوێدا قەومی یونس تەوبەیان کردووە (المقدسي، 1991، 142). ابو الفداء باس لەشاری ڕوها دەکات، ئاماژە بە زۆری کلێساکانی ئەو شارە دەکات، بەڵام کاتێك ئەو سەردانی ئەم شارەی کردووە، ڕوخێندراون (1840، 277). ابن حوقل باس لە بونی (منديل) دەستەسڕی عیسی کوڕی مریەم دەکات، کە نقفور لە هێرشەکانیدا ئابلوقەی داون و داوای ئەم دەستە سرەی کردووە، ئەوانیش دەسەسڕەکەیان پێداوە بەمەرجێك هێرش نەکەنە سەر ناوچەکە، ئەمەش دەبێتەهۆی پەیمان بەستن لەنێوانیاندا چونکە ئەمە پیرۆز بووە (1992، 204؛ القرماني، 1992، 373). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم شارە پە یوەندیەکی کەلتوری بە سەرەتای مەسیحیەتەوە هەبو.

بەمجۆرە دەبینین شاری ڕوها هەرچەندە لە زەوییە پیرۆزەکان نەبووە، بەڵام گرنگی لە مێژوی مەسیحیەکانی سەرەتادا هەبووەو بە یەکەم شار  لە ڕۆژهەڵات دادەنرێت, کە (ڕەوەند)ی مەسیحی تێدا نیشتەجێ بون، لەم شارە بەشەکانی کتێبی ئینجیل (عهد الجديد) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سریانی لە سەدەی دووەمی زایینیدا (عاشور، 2003، 137). لە ڕوی جوگرافیەوە شاری ڕوها پێگەیەکی گرنگی هەبو، چونکە دەکەوتە ناوچەیەك، کە چەندەها ڕێگای هەبوو، بە دەروازەی ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە دادەنرا، وێستگەیەك بو بۆ ئەوانەی دەچونە موصل و بۆ ئەوانەی بە ڕێگای حلب دادەڕۆن، هەروەها دەڕوانێتە ئەو ڕێرەوانەی دەچنەوە بەرزاییەکانی ئەنادۆڵ و بەخاڵی یەکتربری نێوان ڕێگاکانی درێژدەبێتەوە و ڕقە لە باشور بۆ سميسات و لە باکور و ڕێگای بازرگانی درێژدەبێتەوە لە ڕۆژئاوای فورات بۆ ماردین و نصیبین بۆ دیجلە لە ڕۆژهەڵاتی، ئەم شارە ناسراوە بە دەوڵەمەندی لەبەر زۆری بازارەکانی و بەبنکەیەکی بازرگانی دادەنرێت کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دێن، ئاوریشم و بەهاراتی لێوە دەنێردرا بۆ کەناراوەکانی دەریای ناوەراست (الرويضي، 1997، 61).

بەرلەگەیشتنی خاچ دروشمان بە شاری ڕوها ئەم شارە لە لایەن کەسایەتیەکی ئەرمەنی بەناوی ثوروس لە سالی (489ك/1095ز) فەرمانرەوایی دەکرا، بۆئەوەی دووربێت لە ڕوبەڕوبونەوە لە گەڵ سەلجوقیەکان بەردەوام پارەی پێدەدان و دەیویست لەو ڕێگەیەوە شەرعیەتی دەسەڵاتیش بەدەستبهێنێت، پابەند بونی خۆی بۆ ئیمبراتۆریەتی بیزەنتیش

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp112-119

دوپات کردبووەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دورخستنەوەی شارەکە لەهێرشە بەردەوامەکانی سەلجوقیەکان، بۆیە ثۆرس بە گەشبینیەوە دەیڕوانیە هاتنی خاچ دروشمان بۆ هەرێمی جەزیرە ( سمیث، 1999، 111؛ عاشور، 1971، 179/1)

کاتێك بلدوین جیابونەوەی خۆی لە کاروانی خاچ دروشمانی بەهاوەڵی بانکرادی ئەرمەنی ڕاگەیاند ئەم هاوکاریانە زۆر درێژەی نەکێشا، چونکە بانکرادی ئەرمەنی کاتێك بینی بلدوین دەستی گرت بەسەر هەردو شاری تل باشر و ڕاواندان، بێهیوا بو لێیجیابووەوە، بەتایبەتی بلدوین دەگەیشتە هەر شارێکی هەرێمی جەزیرە، دەیخستە ژێر دەستی خۆی و بەشێك لە سەربازەکانی تێدا جێگیر دەکرد، تائەو کاتەی گەیشتە شاری ڕوها (الحریری، 1329، 27). بلدوینی یەکەم نزیکەی سەد سەرباز و ژمارەیەکی کەمی لە پیادە لەگەڵدابو، بەرەو مەرعش بەرێکەوت، سودی لەو هاوکاریانەی میرە ئەرمەنیە ناوخۆکان وەرگرت، بەهۆی ئەم یارمەتیەوە توانی لە ساڵی (491ك/1097ز) دەست بەسەر هەریەك لە شارەکانی تل باشر و ڕاواندانا بگرێت، ئەوەی یارمەتی دەربو لە دەستگرتن بەسەر ئەم ناوچەیە بەهۆی یارمەتی خەڵکی ئەرمەنی شارەکە بو، چونکە دژ بە سەربازە تورکەکان هەڵگەڕانەوە و لە شارەکە دەریان کردن، دوای دەست گرتن بەسەر ئەم شارانە، بلدوین ڕاواندانی سپاردە بانکراد و تل باشری دایە میرێکی ئەرمەنی بەناوی فیر (الجنزوری، 2001، 55-56)

ڕەوشی شاری ڕوها لەوکاتەدا خراپ بو، ثوروس کەسایەتیەکی بەتەمەن بوهیچ منداڵێکی نەبو شوێنی بگرێتەوە، بەتایبەتی ترسی ئەوەی هەبو شاری ڕوها بکەوێتە دەست تورکە موسڵمانەکان، مەترسی هاتنی هێزی کربوغای خاوەنی موصلی هەبو بۆ ئەنتاکیا و شام و ڕوها یەك لەدوایەك (رانسیمان، 1، 1994/320-322)، بۆیە ثۆرۆس ناچار بو داوای هاوکاری لە بلدوین بکات بەهاتنی بۆ شارەکەو ڕزگارکردنیان لە مەترسی تورکەکان (عاشور، 1971، 181/1)، بەگەیشتنی هەڵمەتی یەکەمی خاچ دروشمان بۆ ناوچەی کیلیکیا لە ساڵی (491ك /1097ز)، بەو شێوەیە خاچ دروشمان ئەرمەنەکانیان وەك هاوپەیمانێك سەیردەکرد دژ بە سەلجوقیەکان، هەریەك لە دەوڵەتی بیزەنتی و ئەرمەنەکان خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە سوپای خاچ دروشمان کرد، چونکە وەك چاوساغێك یارمەتی دەربون لە گەمارۆدانی ئەنتاکیا، پاپا گریگۆری سیانزەهەم ئەو یارمەتیانەی ئەرمەنەکانی ژماردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، هیچ نەتەوەیەك هێندەی ئەرمەنەکان یارمەتی پێشکەشی خاچ دروشمان نەکردوە لە پێشکەش کردنی سەرباز، ئەسپ، چەك، خواردن (الجنزوری، 2001، 52).

بلدوین کاتێك خۆشحاڵی خەڵکی ڕوهاو داواکاری ثۆرۆسی بیست بۆهاوکاری کردنیان، داوایکرد وەك کوڕی خۆی بیناسێنێت، ثوروس بە هۆی ئەو ڕەوشەی تێکەوتبو ناچاربو بەم داواکاریە {ازی بێت (شارتری، د. س، 52 ؛ الجنزوری، 2001، 59)، لەساڵی (491ك /1098ز) بلدوین بو بە فەرمانڕەوای شەرعی شاری ڕوها لە دوای مردنی ثۆرۆس، بەو شێوەیە وەك یەکەم سەرکردەی هەڵمەتی خاچی ئامانجی کەسی خۆیی بەدیهێنا و یەکەم میرنشینی خاچی لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات دامەزراند (عاشور، 1971، 184/1). ئەم میرنشینە بووە مەترسی بۆسەر ڕێگای هاتووچۆی نێوان موصل وحلب و بەغداد و سەلجوقی ڕۆمی لە ئاسیای بچوك و بووە یەکەمین میرنشینی خاچی نزیك پایتەختی خیلافەتی عەبباسی (الجنزوری، 2001، 40).

لەڕوی سەربازیەوە, چونکە دەکەوێتە نێوان دوو چیا لە بەرامبەر زنجیرە بەرزاییەکانی ئەنادۆڵ ئەمە سەرەڕای بونی شورا لە دەوروبەری شارەکە جگە لەبەشی باشوری شارەکە زیاتر {وبەڕوی مەترسی دەبویەوە ئەوەش بەهۆی ئاسانی ڕۆیشتن لە ڕێگەی زەویەکانی حران (الرویضی، 1997، 61) و پاراستنی ئەم ناوچە یە لە ڕێگەی قەڵاکەیەوە دەبێت بەبەرزی چیای نمرود داغ کە هەمو لایەکانی دەردەخست و ڕێگای دەگاتە نێوان ڕوهاو حران لە ڕێگەی دۆڵی دیصان لەبەرەی باشوری کە شوێنی ڕوباری جلابە بە ڕوباری بەلیخ شاری حران دەکەوێتە ئەم ناوچەیەوە (الرویضی، 1997، 61).

ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەو شارە تورك بون، ئەوانەش دوژمنی سەرەکی میرنشینی ڕوهای ئەرمەنی بون، بۆیە فەرمانڕەوای ڕوها ثوروس داوای لە بلدوین کرد هێرشەکانی بۆسەر ئەم شارە دەست پێبکات و بە یارمەتی ئەرمەنەکان توانی دەست بەسەر شاری سمیساط دابگرێت، ئەمە لەکاتێکدا سەربازە مەسیحیەکان خەریکی تالآنی بون، بەمەش هێزە تورکەکان ژمارەیەکی زۆریان لە ئەرمەنەکان کوشت (عاشور، 1971، 181- 182). هەر لەسەرەتای گەیشتنی بلدوین بۆ هەرێمی جەزیرە لە سەرەتاکانی ساڵی (492ك/1098ز)، بەتایبەتی گەیشتنی بە شاری ڕوها، هەوڵیدا دەست بەسەر شاری سمیساتدا بگرێت، چونکە بەئاسانی دەتوانێت ڕێگرێت لەبەردەمیدا لە پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕۆژئاواو خەڵکی ڕوها بلدوقی (491ك/1098م)فەرمانڕەوای شاری سمیساطیان بە دوژمنێکی سەرسەختیان دادەنا، هەربۆیە بلدوین بۆ هێرشکردنە سەر شارەکە دەرچو خەڵکی ڕوها پاڵپشتی بون لە سوپاکەیدا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەڕوی سەربازیەوە لاوازبون بۆیە تورکەکان ڕوبەڕویان بونەوەو ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن (رانسیمان، 1994، 323/1-324).

هەرچەندە لەسەرەتادا بلدوین نەیتوانی دەست بەسەر شاری سمیساط بگرێت، بەڵام توانی دەست بەسەر گوندی (سان جون) بگرێت، کە نزیکبو لە پایتەختی بلدوق، هەربۆیە دەستی کرد بە قایمکاری و بەشێکی سوپاکەی بۆ چاوەدێریکردنی جموجۆڵی تورکەکان تیادا هێشتەوە و هێرشی تورکەکان کەم بووەوە، لە بەرامبەردا خەڵکەکە هۆکاری ئەمەیان گەڕاندەوە بۆ هەڵەکانی بلدوین (رانسیمان، 1994، 323/1-324).

دوای ئەوەی بلدوین لەدوای مردنی ثوروس بە فەرمی بو بە فەرمانڕەوای شاری ڕوها پارەیەکی زۆری لە خەزێنەکەی ثۆروس بۆ بەجێما و توانی بەهۆی ئەم ماڵ و سامانە لایەنگری پێ بکرێت، لەهەمان کات بلدوقی میری سمیساط هەستی بە مەترسی کرد کاتێك زانی بلدوین بووە بە فەرمانڕەوای فەرمی شاری ڕوها، هەربۆیە کە زانی ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی جارێکی تریش هێرش بکاتەوە سەر شاری سمیساط، خێرا دەستی کرد بە ناردنی نوێنەر بۆ ڕوها، لەبەرامبەر (10000) دەهەزار دینار شارەکەی بە بلدوین فرۆشت، بلدوینیش بەمە ڕازی بوو چووە شارەکە و لە قەڵایەکی شارەکە ژمارەیەکی زۆری دەست بەسەری بینی کە بلدوق دەستگیری کردبون لە ڕوها، توانی ئەوانە بگەڕێنێتەوە بۆ نێو خێزانەکانیان و سنورێك بۆ هەڕەشەی تورکەکان بۆسەر سمیساط دابنێت، ڕێگەی بە بلدوق و چاودێری کەسیەکەیدا لە ڕوها بمێنێتەوە وەك بەکرێگیراو بۆ بلدوین، ئەم شارە شارێکی گەشەسەندو بو چەندەها گوندی بەپیت و بەرەکەتی هەبو و ئەرمەنیەکی زۆر لەم شارەدا دەژیان و ئەرسەدۆکسی بون، چەند دێرێکی تێدابو وەك دیر اطراقی، دیر سمیساط، دیر مارکیورکس (المجهول 1986، 87/2-88؛ رانسیمان، 1994، 326/1-327؛ الصوری، 1991، 263/1-264).

لەساڵی (494ك/1101ز) توانیان دەست بەسەر شاری سروج دابگرن و بو بە دووەم شار لەدوای شاری ڕوها، ئەم ناوچەیەی دا بە یەکێك لە سەربازەکانی (الجنزوری، 2001، 82-83). لەو ساڵەدا سقمان بن ارتقی هێرشی کردە سەر شاری سروج و ژمارەیەکی زۆری تورکمانەکانی لەگەڵدا بو، دوای ڕۆیشتنی بلدوین بۆ قدس براکەی بەناوی جودفری لە شوێنی خۆی دانا و هێرشی کردە سەر هەمو هە رێمەکانی دەوروبەر، بلدوین ناچار بو لەگەڵ فوشیەی فەرمانڕەوای سروج و ژمارەیەکی زۆر

خەڵکی شارەکە بەرگری بکات، بەڵام زۆر بێباکانە دەیان ڕوانییە دوژمنەکەیان، ئەمەش بووە هۆی شکست هێنانیان، بەتایبەتی کاتێك نزیك بونەوە لە شاری سروج، کەوتنە بۆسەو شەر لە نێوان ئەوان و تورکەکان ڕویدا، بە شکستی خاچ دروشمان کۆتایی هات و ئورتقیەکان توانیان دەست بەسەر شارەکە دابگرن، تەنها قەڵاکە لەژێر دەستی خاچ دروشمان مایەوە، فوشیە کوژرا و ئەوانەی لە گەڵیدابون بەدیل گیران (الجنزوری، 2001، ص97؛ المجهول، 1986، 2/85-86).

هەرچەندە بلك ویستی ئەوەی بۆ ڕونبکاتەوە کە ویستویەتی دەستبەسەر شارەکەدا بگرێت، بەڵام بلدوین باوەڕی پێ نەکرد لە دواجاردا دەستگیری دەکات و دەیکوژێت (مجهول، 1986، 2/78-79؛ رانسیمان، 1994، 1/329-330 ؛الصوری، 1991، 1/264-265) چونکە بلك بن بهرام لە بنەماڵەی ئورتقیەکان بو، کە ئەوانیش تورك بون دەستیان بەسەر قدس داگرتبو، بەڵام دواتر لە لایەن فاتمیەکان هێرشیان کرایە سەر لەو کاتەوە بەرەو باکوری ڕۆژهەڵات هەنگاویان ناو توانیان چەند میرنشینێك لە دیاربەکر و باکوری جەزیرە دابمەزرێنن (ابن الاثیر، 2004، 8/451). ئەم ڕوداوە بووە هۆی ئەوەی بلدوین باوەڕ بە موسڵمانەکان نەکات هەر لەو کاتەوە کاری دەکرد کە هیچ سەرکردەیەکی موسڵمان لە ناوچەکانی خۆیدا نەهێڵێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕێژەی عەرەبە موسڵمانەکان لەشەرەکە زۆر بو بۆیە ڕێگەی پێدان بە ئارەزوی خۆیان بەردەوام بن لە پەرستنەکانیان (رانسیمان، 1994، 1/320). هێمای خاچیان هەڵواسی بۆ جیاکردنەوەیان لە موسڵمانەکان، بۆیە هیچ کەسێك ڕزگاری نەبو جگە لەوانەی لەگەڵیاندابون (ابن القلانسی، 1908، 138؛ المجهول، 1986، 2/84-86).

دەست گرتنی بلدوین بەسەر شاری سروج، هێزی ئەو کەسایەتییەی زیاد کرد، دوای چەند مانگ توانی ڕێگای نێوان ڕوها و قەڵای تل باشر و ڕاوندان پاك بکاتەوە لە دەسەڵاتداریەتی تورك دڵنیا ببێتەوە (رانسیمان، 1994، 1/329-330)، هەروەها بووە هۆی ئەوەی بەبێ ترس و بە ئازادی هامشۆکردن و پەیوەندیکردن لەنێوان ئەنتاکیاو[2] ڕوها بەتایبەتی کە دەکەوێتە نێوان ڕوها و فورات (الصوری، 1991، 1/264-265)، لێرەوە موسڵمانەکان زانیان کە شانشینی ڕوها و بلدوین نابێت بە کەم سەیر بکرێت، چونکە لەسەرەتادا بە مەترسیان نەدەزانی و پێیانوابو کەسایەتییەکی سەرکێشە (رانسیمان، 1994، 1/329-330).

ساڵانی (492-497ك/1098-1103ز)، کە نزیکەی 5 ساڵی خایاند، ئەو ڕەوشە موسوڵمانانی ئەو شارەی ڕوبەڕوی دوبەرەکی و دابەشکاری کردبووەوە، ئەمەش ماوەی دەستپێکردنی هەڵمەتی خاچ دروشمان بو بۆ سەر شام (ابن القلانسی، 1908، 137-143 ؛عبایچی، 2018، 104؛ یوسف، 1988، 112). بەمشێوەیە خاچ دروشمان توانیان سود لە ناکۆکی و ململانێی نێوان موسڵمانان وەرگرن و پێشڕەوی بکەن لە ئەنجامدانی فراوانخوازی زەوییەکانی جەزیرە و باکوری شام ،دەستیان گرت بەسەر ڕێگاکانی حلب و ڕوباری فورات (ابن العدیم، 1996، 251)، پێیانوابو پەیوەندی نێوان موسڵمانەکانی شام و موصل ناپچرێت، ئەگەر دەست بەسەر شاری حەراندا نەگرن، لەوێشەوە دەتوانن هەڵمەتەکانیان بەرەو موصل و هەمو ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە دەست پێبکەن (الجمیلی، 1980، 228؛ سمیل، 1985، 60-66)، ئەوە پاڵنەری بلدوین بو، لەداوی گرتنی ڕوها بیر لە پەلاماری سەر شاری حران بکاتەوە، لە میانەی ڕیزبەندی پلانە فراوانخوازیەکەی (الرویضی، 1997، 238).

بەهۆی ئەوەی میرنشینی ڕوها دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی میرنشینەکانی خاچ دروشمان لە ناوچەکانی شام، بۆیە دەستپێشخەری ئەم هەڵمەتەی گرتە ئەستۆ، چونکە حەران دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری بلیخ و باشوری ڕۆژهەڵاتی ڕوها و ڕێڕەوی ڕوباری بلیخ بە سنوری جیاکەرەوەی نێوان میرنشینی ڕوهاو زەویەکانی حران دادەنرێت (الرویضی، 1997، 238). بەهۆی ئەوەی زەویەکانی لەرێگەی ڕوباری بلیخ و لقەکانیەوە ئاو دەدرا، ببووە ناوچەیەکی بەپیت و بە زۆری بەرهەم لە کێڵگە و گوندەکانی دەناسرا (الصوری، 1998، 1/256).

## باسی دووەم: شاری ڕوها لە نێوان ململانێی موسڵمان و خاچ دروشمان

دوای ئەوەی لە ساڵی (490 ك/1096ز)ئەم شارە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتداریەتی خاچ دروشمان، لەلایەن موسڵمانان هەوڵدراوە ئەم شارە بەدەست بهێننەوە، شرف دین مودود سێ هەڵمەتی ئەنجامدا بۆ بەدەست هێنانەوە ی شاری ڕوها بە هاوکاری و پاڵپشتی میرانی شارەکانی هەرێمی جەزیرە، بەڵام لەم کارەیدا سەرکەو تو نەبو.

لەدوای جاولی سقاو شاری موصڵ تارادەیەك ڕەوشێکی جێگیری بە خۆوە بینیوە بەتایبەتی دوای ئەوەی میرمودود دەسەڵات وەردەگرێت هیچ هەڵگەرانەوەیەکی بەخۆیەوە نەبینیوە لە ژێر گوێرایەڵی سوڵتانی سەلجوقی، ئەمە جگە لەوەی میر مودود کۆی ژیانی بۆ جیهاد دژ بە خاچ دروشمان تەرخان کردبو، بۆیە کە گەیشتە موصل ئەرکی جیهادی دژ بە خاچ دروشمان گرتە ئەستۆ، میرمودود بە تەنها والی نەبو لەشاری موصڵ ئەوەندەی سەرکردەیەکی سەربازی بو، بڕیاریدا موصڵ ببێتە بنکەی جوڵانەوەی جیهادی بە هۆی پێگە ستراتیژیەکەی (ابن القلانسی، 1908، 160، عاشور، 1971، 1/468) هەوڵی کۆکردنەوە و هاوپەیمانێتیدا لە گەڵ میرەکانی ناوچەکە دژ بە هێزی خاچ دروشمان لە جەزیرە و ناوچە کانی شام (ابن القلانسی، 1908، 169، 171، 174، 178). سیاسەتی مودود بریتی بو لە لێبوردەیی لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکە، ئەمە کاریگەریی هەبو لەسەر بڵاوبونەوەی دڵنیایی و جێگیری لەناوچەکە و ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندی بە میرو فەرمانرەوایانی موسڵمانەکان گوزارشت بو لە پاکی و وەفایی (ابن القلانسی، 1908، 169، الرویضی، 1997، 284).

یەکەم هاوپەیمانیەتی میر مودود لەگەڵ میرە موسڵمانەکانی جەزیرە و باکوری شام بۆ جیهاد دژ بە خاچ دروشمان و پاراستنی ناوچەکانی موسڵمانەکان لە دەستیان لە (مانگی کانونی یەکەم 1109ز/جمادی یەکەم 503ك) بەفەرمانی محمد سوڵتانی سەلجوقی (1105-1118ز/498- 511ك) (ابن القلانسی، 1908، 169؛ ابن تغری بردی، د. س، 5/199)، ئەوانەی هاتنە ناو ئەم هاوپەیمانیەتیە میرئیلغازی بن الارتقی خاوەنی ماردین بە هێزە تورکمانیەکانەوە و سقمان قتبی خاوەنی ئەرمینیا وخەڵات و میافارقین (ابن القلانسی، 1908، 169، ابن تغری بردی، د. س، 5/199) دوای ئەوەی سوڵتان داوای لێکردن هەمویان گەیشتنە خاکی بەنی نمیر لەناوچەکانی دیار مضر، ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا هەڵمەتە سەربازیەکانیان بە هێرشکردنە سەر شاری ڕوها دەست پێبکەن (ابن القلانسی، 1908، 169).

هەڵمەتی دووەم و سێیەم لە ساڵانی (504-505ك /1110-1111ز) ئەنجامدرا، بەلام لەو هەڵمەتانە سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانی شاری ڕوها بگرنەوە، لە دوای ئەودا عمادەدین (521-541ك/1127-1146)دوای ئەوەی دەسەلاتداریەتی لە شاری موصل وەرگرت بەرەو نصیبین بەڕێکەوت، بۆ ئەوەی دەستی بەسەردابگریت، کە لەژێر دەسەلاتداریەتی ئورتوقیەکان بوو بەسەرکردایەتی حسام دین تیمورتاش(516-547ك/1122-1152ز)، کاتێك هە والی گەیشتنی عماددینی بیست داوای لە روکن ئەلدەولە داود بن سقمان بن ارتق خاوەنی حصن کیفا کرد بە هانایەوە بچیت، ئەویش بەڵێنی یارمەتی پیدا، بەلام لە کۆتاییدا ئەم ناوچەیە کەوتە دەست عماددین، بەتاییەتی دوای ئەوەی خەلکی ناوچەکە نەیان توانی بۆماوەی بیست ڕۆژ بەرگری لە شارەکە

بکەن، ئەوەش دوای ئەوەی عمادین نوسراوێکی بە ناوی بنەماڵەی ئورتقی نارد و خەڵکەکە قەڵاکەیان رادەست کرد، دواییش بەرەو سنجار بەڕێکەوت (ابن الاثیر، د. س، 36-37)، عمادین بەردەوام بوو لە دەست گرتن بەسەر شارەکانی هەرێمی جەزیرە بە تایبەتی دوای ئەوەی بۆی ڕون بۆوە کە هیچ کام لە میرە ناوخۆییەکان ناتوانن بەرامبەر فراوانخوازیەکانی بوەستنەوە بەتایبەتی دوای ئەوەی بەرەو ناوچەکانی سرجی بەڕێکەوت، کە دەکەوێتە نێوان ماردین و نصیبن و لە زەویەکانی ژێر دەسەڵاتی تیمورتاش بو، بۆ ئەو مەبەستە تیمورتاش داوای لە میرەکانی دەوروبەر کرد دژ بە عمادەدین بوەستنەوە، هەریەك لە خاوەنی ئامەد و حصن کیفا ڕوکن دولە داود وەە ندێك لە سەربازە تورکمانەکان هاتن بۆ یارمەتیدانی دژ بە عمماددین و لەنزیك شاری دارا لەگەڵ عمادین کەوتنە شەر، بەڵام شەرەکە بە شکستی ئورتقیەکان و هاوپەیمانەکانی شکایەوە و لە ساڵی (524ك/1130ز) عمادین توانی دەست بەسەر شارەکە دابگرێت (ابن الاثیر، 2004، 215/9، علی. 2020، 132).

دوای ئەوەی میرەکانی تری ئورتقی زانیان وەستانەوە دژ بە عمادین ئەستەمە، هەولیاندا هاوپەیمانیەتی لەگەڵ ئەنجام بدەن، تەنانەت خودی حسام دین تیمورتاش لەگەڵ عمادین چاك دەبنەوە و دەبن بەیەك وعمادین شاری صوری دەست بەسەرداگرت و دای بە حسام دین (علی، 2020، 132)، ئەو هاوبەشیەی نێوان عمادین و حسام دین ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە ڕوبەروبونەوەی خاچ دروشمان، بۆ ئەوەی بتوانن ناوچەکان بەدەست بهێننەوە، عمادین لەم کارە سەرکەوتوبو، توانی لە ناوچەی ماردین ئەو شوێنانەی بەدەست خاچ دروشمانەوەیە بەدەستی بهێنێتەوە، وەك مضر بەشیك لە قولغەکانی جوسلین، عمادەدین دوای ئەو کارانە هەوڵیدا هێرش بکاتە سەر شاری ڕوها، بەڵام هەستی کرد ئەگەر جوسلین و هێزەکەی لەو شارە بن، ناتوانێت بەئاسانی هێرش ئەنجام بدات، بۆیە دەگوترێ فێڵێکی بەکارهێناو وای پیشاندا لە ئێستادا ناتوانێت دژ بەئەوان بجەنگێت، واپیشاندا هێرش دەکاتە سەر شاری دیاربەکر و ئامەد، لەهە مانکات سیخورەکانی هەواڵی شاری ڕوهایان بۆدەهێنا، کاتێك جوسلین وایزانی عمادین دورە لە شەرکردن لەوان و دڵنیابووەوە، بەرەو ناوچەکانی شام ڕۆیشت (ابن الاثیر . د. س، 67)، بەکارهێنانی سیخور لەسەردەمی زەنگی بۆ ئەوە بووە بتوانێت زانیاری تەواو سەبارەت بە دوژمنەکانی کۆبکاتەوە لە توانایان لەڕوی سەربازی و ئاگاداربون لە پلانەکانیان بۆئەوەی بتوانن سود لە ڕەوشەکە وەربگرن (غامدی، 1414، 51).

کاتێك لەساڵی 539ك/1144ز هەواڵ بە عمادەدین گەیشت کە جوسلین بەرەو ناوچەکانی تل باشر بە ڕێکەوتوە لە ڕۆژئاوای فورات وشاری ڕوهای جێهیشتوە و بەشێکی کەمی سوپای بە کرێگیراوی تیادا جێهیشتوە (ابن القلانسی، 1908، 279)، بەرەو شاری ڕوها بەڕێکەوتن، لە هەمو لایەکەوە سوپاکەی بڵاو کردەوە، بەشێوەیەك گەمارۆی شارەکەیدا کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بەناوچەکەدا بڕوات (ابن القلانسی، 1908، 279)، کاتێك خاچ دروشمان خراپی ڕەوشەکەیان بینی توانای بەرگریان نەبو، عمادین دڵنیا بو لەوەی ئەو کەسانەی لەشارەکەن ناتوانن لە بەرامبەر ئەو هێزە زۆرەی عمادین خۆیان ڕابگرن، بۆیە داوای لێکردن خۆیان بدەن بەدەستەوە، بێئەوەی خوێنی هیچ کەسێك بڕژێت و شارەکە کاول نەبێت، بەڵام خاچ دروشمان ئەوەیان ڕەتکردەوە خۆیان بەدەستەوە بدەن، چونکە چاوەڕێ بون یارمەتی سەربازیان لە ناوچەکانی ئەنتاکیا و قدس بۆ بێت (ابن القلانسی، 1908، 279؛ ابن الاثیر، د. س، 69).

عمادین بۆ گەمارۆدانی شاری ڕوها پشتی بەخۆبەخشەکان بەست و توانی لە هەر چوار دەوری شاری ڕوها بڵاوەیان پیبێکات (ابن الاثیر، د. س، 69)، بێجگە لەوەی عمادین پێش ئەوەی بەرەو شاری ڕوها بەڕێبکەوێت داوای لە سوپاکەی کرد هەمویان بەبێ دواکەوتن ئامادەبن، ئەوەش وەك نەریتێکی زەنگی بەر لە هێرشکردن سوپاکەی هاندەدا بۆ جیهاد، کە سونەت و فەرزە دژ بە خاچ دروشمان (ابن الاثیر، د. س، 68).

ابن الاثیر سەبارەت بە جوسلینی دووەم، میری میرنشینی ڕوها، ئاماژەی بەوە کردووە کاتێك هەواڵی گەمارۆدانی شاری ڕوهای بیست گەرایەوە ڕۆژهەڵاتی فورات بۆ ئەوەی هە لێکی بۆ برەخسێت و بگەرێتەوە شاری ڕوها بۆئەوەی هێزیك بنێری و بتوانی شارەکە بپارێزێت لەوەی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی عمادین (د. س، 69).

جوسلین دەیویست ڕێگری لە گەیشتنی یارمەتی بۆ عمادین بکات ، کە لە ڕێگەی حەلەبەوە دەهات، بەڵام لەو کارەیدا سەرکەوتو نەبوو، داوای هاوکاری لە ئەنتاکیا و بیت المقدس کرد، بەڵام هاوکاریەکان نەگەیشتن، ئەو هاوکاریەی میلسند سەرپەرشتیاری بلدوینی سێیەم خاوەنی بیت مقدس نەگەیشت، چونکە عمادین هێزێکی نارد و توانی شکستیان پێ بهێنێت بەرلەوەی بگەن، سەبارەت بە خاوەنی ئەنتاکیا ڕیموند دی بواتیە هیچ یارمەتیەکی بۆ جوسلینی دووەم نەنارد، بەمەش عمادین سەرکەوتو بو لە دەستگرتن بەسەر شارەکە، چونکە لە هەمولایەکەوە یارمەتی بۆ دەهات (ابن القلانسی، 1908، 280)، خەلکی شاری حران ڕۆڵێکی کارێگەریان لە یارمەتی دانی عمادین دژ بە خاچ دروشمان بینی ، چونکە شاری حران یەکێك بو لەو شارانەی بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن شاری ڕوهاوە هێرشیان دەکرایە سەر (ابن الاثیر، د. س، 67).

دوای دەست گرتنی عمادین بەسەر شاری ڕوها کە سایەتیەکی دیاری لەشارەکە دانا بە ناوی زین دین علی کوچك و بوبەدرێژە پێدەری عمادین لە دەست گرتن بەسەر ئەو شارانەی تر کە سەر بە ڕوهابون وەك سروج وئەو خاچ دروشمانەی لەناوچەکان بون هە ڵاتن. (ابن الاثیر، د. س، 69)

دوای ئەوەی ساڵی (539ك/1144ز) توانی دەست بەسەر شاری ڕوهادا بگرێت، ئینجا بەرەو شاری ئەلبیرە بەڕێکەوت، هەرچەندە بە تەنها هێرشی کردە سەر ئەم شارە، بەڵام دواتر کەوتە دەست حسام دین، چونکە نصیرەدین جقری جێگری لە شاری موصڵ کۆچی دواییکرد، ناچاربو واز لەشاری ئەلبیرە بهێنێت و حسام دین گەمارۆی خستە سەر (شمیسانی، 1987، 170-171)، کاتێك خاچ دروشمان هەستیان بە خراپی ڕەوشەکە کرد، لەترسی گەرانەوەی زەنگی ناچار ڕادەستی سەربازەکانی حسام دین تیمورتاشیان کرد (شمیسانی، 1987، 172؛ غامدی، 1986، 186-195).

ئەو سەرکەوتنەی عمادین لە شاری ڕوها، بووە هۆی بڵاوبونەوەی ناوی عمادین لە هەموو شارەکان، ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕادەستبونی شارەکانیتر یەك بەدوای یەك هەبو (ابن القلانسی، 1908، 280)، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە سەرکەوتنەکەی گرنگیەکی تایبەتی هەبو لە مێژوی ژیانی سەربازی عمادین، چونکە توانی یەکەم میرنشینی بەهێزی خاچ دروشمان تێکبشکێنێت لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەگشتی و هەرێمی جەزیرە بەتایبەتی، جارێکیتر بکەوێتەوە دەست موسڵمانەکان و خاچ دروشمان ڕوبەڕوی شکستێکی گەورە بکاتەوە، بووە هۆی لەدەستدانی ئەو هێزو توانایەی هەیانبو لە پێشوتردا و کەوتنە بەر مەترسی لە دەستدانی ناوچەکانی تر، هەروەها بووە جێگای هەڕەشە بۆ لەناوچونی خا چ دروشمان لەناوچەکانی ڕۆژهەڵات، بە پێچەوانەوە ئەم سەرکەوتنە بۆ موسڵمانەکان بە فتح فتوح (سەرکەوتنی سەرکەوتنەکان) ناودەبرێت و بەیەکێك لەو سەرکەوتنە گەورانە دادەنرێت کە توانیان بەرامبەر خاچ دروشمان بەدەستی بهینن. توانیان ئەو ئەفسانەیە تێکبشکێنن کە هێزی خاچ دروشمان نابەزێنرێت.

## ئەنجام

١. هەڵمەتی یەکەمی خاچ دروشمان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە یەکێك لە قۆناغە گرنگ و مەترسی دارەکانی سەدەکانی ناوەراست دادەنرێت، کە تیایدا شارەکانی هەرێمی جەزیرە و شاری ڕوها بەشێوەیەکی تایبەتی ڕوبەڕوی بونەوە.
٢. بەرژەوەندی تایبەتی میرانی خاچ دروشمان لە هەڵمەتی یەکەم بەدەرکەوت ئەوان ئەوەندەی بەتەنگ بەرژەوەندی خۆیانەوەبون ئەوەندە گرنگیان بە ئامانجە ئاینییەکە نەدا.
٣. بەهۆی بونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنەکان لەشاری ڕوها بوە هۆی ئەوەی خاچ دروشمان بە شێوەیەکی ئاسان بە هە رێمی جەزیرە بگەن.
٤. بە هۆی ئەوەی بلدوینی یەکەم لەلایەن میری شاری ڕوها ناسینراتوانی یەکەم میرنشینی خاچ دروشمان لە ناوچەکە دابمەزرێنێت.
٥. بەهۆی گرنگی شاری ڕوها لە لایەنی ئاینی وستراتیژیەوە وای کردبوکە خاچ دروشمان هە وڵبدەن دەستی بەسەردابگرن.
٦. بەهۆی مانەوەی شاری ڕوها لەژێر دەسەڵاتی خاچ دروشمانەوە بەردەوام موسڵمانەکان هە وڵی ئەوەیان داوە لە ژێر دەسەڵاتی خاچ دروشمان ڕزگاری بکەن.

## سەرچاوە کان


ابن الاثير، عزالدين على بن محمد (2004)، الكامل فى التاريخ، دار احياء التراث العربي، لبنان.

ابن الاثير، عزالدين على بن محمد (د. س)، التاريخ الباهر فى الدولة الاتابكية، دار الكتب الحديثة، القاهرة.

اجيل، ريموند (1989)، تاريخ الفرنجة غزاة بيت المقدس، ترجمة: حسين محمد عطية، دار المعرفه الجامعيه.

باركر، ارنست (د. س)، الحروب الصليبية، ترجمة: السيد الباز العرينى، دار النهضة العربية. بيروت.

برجاوى، سعيد احمد (1984)، الحروب الصليبيه فى مشرق، دار الافاق الجديدة، بيروت.

ابن تغرى بردى، جمال الدين ابى المحاسن يوسف الاتابكى (د. س)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دار الكتب، مصر.

الجميلى، رشيد عبدالله (2020)، امارة الموصل فى العصر السلجوقى 489-521، جامعة بغداد.

الجنزورى، عليه عبدالسميع (2001)، امارة الرها الصليبية، الهيئة المصرية العامة للكتب.

الحبشى، حسن (د. س)، الحرب الصليبيه الاولى، دار الفكر العربى، مصر.

الحريرى، سيد على (1329الهجرى)، اخبار السنية فى الحروب الصليبية، مطبعة نيل، مصر.

ابن حوقل، ابى القاسم النصيبى (1992)، صورة الارض، دار المكتبة الحياة، لبنان.

ابن خرداذبه، ابى القاسم عبيدالله بن عبدالله، المسالك والممالك، طبع فى مدينة ليدن، 1889

خليل، عماددين (1980)، الاماره الارتقيه فى الجزيره والشام، مؤسسة الرسالة، بيروت.

الذهبى، شمس الدين محمد بن احمد (1999)، تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، دار الكتاب العربي.

رانسيمان، ستفن (1994)، تاريخ الحملات الصليبيه من كلير مونت الى اورشليم، ترجمة: نورالدين خليل، الهيئه المصريه العامه للكتاب.

رايلى سميث، جوناثان (1999)، الحملة الصليبية الاولى و فكرة الحروب الصليبية، ترجمة: محمد فتحى الشاعر، الهيئة العامة المصرية للكتاب.

الرهاوى المجهول (1986)، تاريخ الرهاوى المجهول، ترجمه البيربون، مطبعه شفيق، بغداد.

سرجانى، راغب (2008)، قصه الحروب الصليبيه من البدايه الى عهد عمادالدين زنكى، مؤسسة اقراء، القاهرة.

سميث، جوناثان رايلى، (1999) الحمله الصليبيه الاولى وفكرة الحروب الصليبية،الهيئه العامه للكتاب.

سميل، ر. س (1985)، فن الحرب عند الصليبين فى القرن الثانى العشر 1097-1193، مركز دراسات العسكرية، دمشق.

الزنكى،جمال محمد (1998)،مؤيدالدين ياغى سيان صاحب انطاكية والحملة الصليبية الاولى 477-1098-1085/491,

شارترى، فوشيه (د. س)، تاريخ الحملة الى القدس، دار الشروق للنشر والتوزيع، الاردن.

ابن الشحنه، ابى فضل بن محمد (1984) الدر المنتخب فى تاريخ مملكه الحلب،دار الكتاب العربى ، سوريه

شميسانى، حسن (1987)، مدينه ماردين من الفتح العربى الى سنه 1515م/921ه، عالم الكتب.

الصورى، وليم (1991)، الحروب الصليبيه، ترجمه حسن حبشى، مؤسسه الاهرام للنشر والتوزيع، القاهره.

عاشور، سعيد عبدالفتاح (1971)، الحركه الصليبية صفحه مشرقه فى تاريخ الجهاد العربي العصور الوسطى، مكتبة انجلو المصرية.

عاشور،سعيدعبدالفتاح ، (2003) تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب فى عصور الوسطى,دار النهضة العربية, بيروت.

ابن العبرى، غريغورس بن تاج الدين الملطى (1991)، تاريخ الزمان، ترجمة: اسحق ارملة، دارالمشرق، بيروت.

ابن العديم، كمال الدين ابى القاسم (1996)، زبده الحلب من تاريخ الحلب، دار الكتب العلميه، لبنان.

عمران، محمود سعيد (2000)،، تاريخ الحروب الصليبية 1095-1291، دار المعرفة الجامعية، توديبود، بطرس (1999)، تاريخ الرحلة الى بيت مقدس، د. م.

عوض، محمد مؤنس احمد (1998)، فى الصراع الاسلامى – الصليبي السياسة الخارجية للدولة النورية 541-569ه/1146-1174، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية.

عوض، محمد مؤنس، (2007)، الامبراطورية البيزنطية دراسة فى تاريخ الاسرة الحاكمة، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية.

الغامدى، عبدالله بن سعيد محمد سافر (1414 الهجرى)، مقومات حركة الجهاد ضد الصليبيين زمن عماددين زنكى وابنة نوردين محمود زنكى، سلسله بحوث دراسات الاسلامية، جامعة ام القرى.

الغامدى، مسفر بن سالم عريج (1986)، الجهاد الصليبين فى الشرق الاسلامى قبل قيام الدوله الايوبيه فى مصر (491-569/1097-1173) دار المطبوعات الحديثة.

غروسيه، رينية (2007)، ملحمة الحروب الصليبية، دارالهادى، لبنان.

ابو الفداء، عمادالدين اسماعيل بن محمد (1840)، تقويم البلدان، دار الصادر، بيروت.

القرمانى، احمد بن يوسف (1992)، اخبار الدول والاثارالاول فى التاريخ، عالم الكتب.

ابن القلانسى، ابى يعلى حمزه (1908)، ذيل تاريخ دمشق، مطبعة الاباء اليسوعيين، لبنان.

المقدسى، ابو عبدالله محمد بن احمد (1991)، احسن التقاسيم فى معرفه الاقاليم، مكتبه مدبولى، القاهره.

ميسون ذنون، عبايچى 2018)، دور الحكام الموصل السلاجقة فى المقاومة الغزو الصليبي شرف الدين مودود (502-507ك/1108-1113م) نموذجا، مركز دراسات الموصل، جامعة الموصل.

یاقوت الحموی، شهاب الدين أبو عبد الله (1995)، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

يوسف، جوزيف نسيم (1988)، دراسات في تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب في العصور الوسطى، مؤسسة الشيم الجامعة، اسكندرية.

توديبود، بطرس، (1999)،تاريخ الرحله الى بيت المقدس، د.م

بنداسنی، گۆران عبدالله حمه علی (2014)، شالاوی یەکەمی خاچ دروشمەکان لە پەرتوکەکەی پەترۆس تۆدیبۆددا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

الرويضي، محمود محمد فالح (1997)، امارة الرها الصليبية 490-550ك/1097-1155،دكتۆرا،كلية الدراسات العليا، جامعة الاردنية

## پاشكۆ

نەخشەی ژمارە (1)
میرنشینەکانی خاچ دروشمان لە هە ریمی جەزیرەو شام



نەخشەی ژمارە(2)
بەشێك لە شارەکانی هە رێمی جەزیرە




## پەراوێزەکان

[1] . یاغی سیان:لە ماوەی ساڵانی (477-491ك/1085-1097ز) لە بری سوڵتان مەلیکشای سەلجوقی فەرمانڕەوایەتی شاری ئەنتاکیا ی کردوەوبەردەوام بو لە *فەرمانڕەوایەتی تائەوکاتەی خاچ دروشمان لە ساڵی 491ك/1097ز لە میانەی هە ڵمەتی یەکەمی خاچی گەیشتنە ئەنتاکیا دوای ئەوەی بۆ ماوەی نۆمانگ گەمارۆیاندا (الزنكي، 1998، 15).

[2] . بۆهیمندی یەکەم: لە ساڵی 491ك / 1097ز توانیویەتی بگات بە ناوچەکانی ئەنتاکیاو بیکات بە یەکێك لە میرنشینەکانی خۆی ولە ساڵی 505ك/1111ز لە ناوچەی ئەبۆلیا کۆچی دوایی کردوە.(رانسیمان، 1994: 80/2).